# تکایە مەیەن! ئەگەر هەردێن ، با بەخێربێن!؟

د.هەژار مەعروف



ئەوەی بە ویژدانەوە لە دیرۆکی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردوستان ( پ ک ک ) وردبێتەوە ـ بێ چاونووقانی ڕۆمانسیانە لە کەموکوڕی و لەبیرچوونی هەندێک هەڵەی مەزنی ئەم پارتە- بۆی دەردەکەوێت کە بە تایبەتی لە دوای ناچارکردنی ئە م پارتەش بە خەباتی چەکداری ،وەک هەمو پارتە کوردیەکانی بەشەکانی تری کوردوستانی گەورە ، گەورەترین دەوری بینیوە لەڕاچڵەکان و هۆشیارکردنەوەی ئینسانی کورد لە تورکیا و لە ئەوروپا بە مافی سروشتیی کوردبونی و گێڕانەوەی کەرامەتی ئینسانیی و زیندوکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیی کورد لە تورکیا و گوڕ و تیندان بە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی تری کوردوستانا، بۆیە دەبینین تا ئێستا وەک زانراوە لە جەرگەی خەباتی ( پ ک ک ) سەدان شەهیدی ژن و پیاوی بەشەکانی تری کوردوستان هەیە و هەر ئێستاش سەدان پێشمەرگەی بەشەکانی تر لە ڕیزەکانی ئەم پارتەدا خەباتی سەخت دەکەن. لە ساڵی 1993 وە هەتا ئیمڕۆ ( پ ک ک ) بە سەبر و دانبەخۆداگرتنێکی کەم وێنەوە 3 جار یەکلایەنە ڕاستگۆیانە شەڕی لە گەڵ تورکیا ڕاگرتوە و بەداخەوە تورکیا وەڵامی ئاشتیخوازیی ( پ ک ک )ی بە پۆستاڵی لوتبەرزی و شۆڤێنی داوەتەوە و سەرسەختانە ئامەدە نییە تەنانەت لێبوردنێکی گشتیش بۆ پێشمەرگە کانی ( پ ک ک ) ڕابگەیەنێت کە بتوانن واز لە خەباتی چەکداری بێنن ،چجای دانپیانانی مافی کورد. ئەگەر

( پ ک ک ) خۆیان بدەن بەدەستەوە ئاشکرایە توشی چ ئەشکەنجەو سوکایەتییەک دەبن و چی چاوەڕوانییان دەکات. ئایا دەوڵەتی تورک ڕێگایەکی تری شەرافەتمەندانەی لەبەردەم ئینسانەکانی ئەم پارتەدا هێشتۆتەوە جگە لە خۆپاراستن لە چیاسەختەکانی نیشتمانی

خۆیان ؟ بەدەر لە هەمو گەمەی سیاسیی پارت و دەوڵەتان، نەک هەر ئینسان بەڵکو حەیوانیش کە لەهەمو لایەکەوە تەنگی پێهەڵچنراو هەمو دەرگاکانی ژیری و گفت و گۆ و حەیواندۆستی! و مرۆڤدۆستیی بەڕودا داخرا، چیی بۆ دەمێنێتەوە جگە لە بەرخۆدان و بەرگری و پاراستنی ژیان و کەرامەتی ئینسانیی خۆی ؟ڕاستە و بەڵگەنەویستە کە ( پ ک ک ) بە کوشتنی هەزاران سەربازی تورکیش ناتوانێ باکوری کوردوستان بە شەڕ لە سوپای تورک ڕزگاربکات ، بەڵام ئەی بۆچی تورکیا ئەوەندە سوورە لە سەر هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتیەکەی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو سەدان هەزار خوشک و براکوردانەمان دەیدەنەوە کە لە شارەکانی باکوری کوردستان و لە ئەستەموڵ و ئەنکەرە و ئیزمیر و پاریس و شتراسبورگ و بەرلین و.... بە دڵێکی گەرم و تین و تاوێکی بێوێنەوە خەباتی نەتەوایەتیی هەمەلایەنەی سیڤیل و ئاشتیخوازانەی خۆیان بەڕێوە دەبەن و لەم خەباتە گرنگ و بڕیاردەرەدا ( پ ک ک ) دەورێکی مەیدانیی گرنگ دەبینێت ، تورکیا ئەمە باش دەزانێت و بۆیە دەیەوێت بە هەڵوەشانەوە و بڵاوەپێکردن و نەمانی سەرکردایەتیی ( پ ک ک ) لە قەندیل و چیاکانی تری کوردوستان ـ ئەو پارتەی کە جگە لە دەورە مەیدانییەکەی دەورێکی گرنگی ڕەمزیش (سیمبۆلی) دەبینێت ـ ئەم خەباتە ناتوندوتیژی و سیاسیە لەناو بەرێت . سەرکردایەتیی ( پ ک ک ) و پێشمەرگەکانیان ئەگەر لە چیای قەندیلی نیشتمانی خۆیان دەربکرێن،کوێی تر هەیە بۆی بچن؟ کێ داڵدەیان دەدات ؟ ئەوروپا؟ ئەمریکا؟ ئێران؟ بەسەرشۆڕی و پە شیمانی بە پێی خۆیان بچنە

ناوزیندانە تاریک و نووتەکەکانی تورکەوە بۆ ئەشکەنجەدان و تەحقیرکردنیان؟
بێگومان نابێت تەماعی تورکیا بۆ نەوت و گازی باشوری کوردوستان (زاخۆ، کۆیە، کەرکوک) لەبیربکەین ، ئایا (پ ک ک ) تەنیا بەهانەیە و تورکیا نیازی داگیرکردنی باشوری کوردوستانی هەیە؟ دیرۆکی کورد بە ئێستاشیەوە سەلماندویەتی تاکە دۆستی باوەڕپێکراو و هەرگیز نەگۆڕ لە ڕابوردو و ئێستا و پاشەڕۆژی خەباتی کوردایەتی تەنیا و تەنیا کورد خۆیەتی ، بۆیە فاکتەری نەتەوایەتی لە سیاسەتی کوردیدا هێڵی سوورەو نابێت چیدی ـ وەک پێشتر بە داخەوە لە ڕابوردودا ڕویدا ـ هەرگیز لە هیچ لایەن و پارتیکەوە بریندداربکرێت و ببەزێنرێت. کورد تا ئێستا لە ژێر ناوی ئیسلام و سۆشیالیزم و خەباتی دژی ئیمپریالیزم و هاوولاتیبونی بۆ عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا گورز و زیانی مەزنی پێگەیشتووە، سەیرم پێدێ کە مام جەلال سەیری پێدێ بەشار ئەسەد لە پەیمانی خۆی پاشگەزبۆتەوە و پشتگیری تورکیا دەکات بۆ داگیرکردنی باشوری کوردەستان!
حوکومەتی هەرێمی کوردوستان چیبکات بەرانبەر گەڤ و هەڕەشەی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێم و بەرانبەر بە پەیمانی ئەمریکا بە تورکیا بۆ لێدانی (پ ک ک ) ؟
لایەنی هەرەکەمی هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستی و نەتەوەیی ئەوەیە، حوکومەتی هەرێم کە ناتوانێت پشتگیری ڕاستەوخۆی خەباتی خوشک و براکانی باکوری کوردوستان بکات،با بە هیچ جۆرێک و بە هیچ بەهانەیەک و لە هیچ بوارێکدا (دیبلۆماسی، سیاسی، سەربازی، لۆجیستیکی ، زانیاری و هەواڵگیری،... هتد) نەبێت بە بەشێکی ئەم دەسدرێژی و تاوانە و نەهێڵێت ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی بکرێتە پردی پەڕینەوەی سوپای هێرشکار و قێزەونی تورک بۆ سەر بنکەکانی (پ ک ک ) و مێژوی تاڵ دووبارە نەکاتەوە. ئەگەر عەرەبەکانی ناو سوپای عێراق دەیانەوێت ئەم نۆکەریە بکەن ، با لە ڕێی ئێران و سوریای بەعسی شۆڤێنیەوە بڕۆنە ناو تورکیاوە و لەوێوە هێرشی خۆیان بکەنە سەر قەندیل و شانسی خۆیان تاقیبکەنەوە بەرانبەر پێشمەرگەکانی (پ ک ک ) کە جگە لە ژیانێکی کولەمەرگی هیچیان نییە لەدەستی بدەن. ئەگەریش سوپای ئەمریکا ئەرکی شەڕی پێشمەرگەکانی (پ ک ک ) لە قەندیلی گرتە ئەستۆ ، لانی کەم نابێت حکومەتی هەرێم و گەلی کورد لە باشور هاوکاری بکەن و بەڵکو حەقیەتی لەم بوارەدا موقاتەعەی ئەمریکا بکەن! ئەگەریش سوپای لەخۆبایی بووی تورک بێشەرمانە بە ڕاستە جادە قیرتاوەکانا هاتە ناو هەرێم و کەوتە بۆمبارانی شارەکانی کوردوستان ، بەمە ئیتر خەباتی هەردوو بەشەکەی کوردوستان نەک هەر لە دڵ و دەروونا بەڵکوو لە مەیدانی شەڕیشدا دەبێت بە یەک و شەڕەکە دەبێتە شەڕێکی سەرتاسەری نەتەوەیی کە هەمو نەتەوەی کوردی تێوە دەگلێت.
بەلام ئایا حوکومەتی هەرێمی کوردوستانی دوچاری گەندەڵی و حیزبایەتی و بنەماڵەگەری حیسابێکی ئاوای کردوە؟ ئایا بەرخۆدان و لەسەرخۆکردنوەیەکی چەکداریی موقەدەسی بەسەرمانا سەپاوی ئاوا ڕەوا و سەرتاسەری،ئەو نرخ و بەها پیرۆزانەی لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 وە بە دەستی خۆمان شەهیدمان کردن ،بۆمان دەگێڕێتەوە؟ پاکماندەکاتەوە لە گوناهەکان؟ لەکاتی تەنگانە و شەڕێکی ئاوادا مرۆر لە گەنم جیادەکرێتەوە؟ مرۆڤە ئایەخ و هە لپەرست و خۆپەرستەکان بۆ هەمو لایەک دەستیان دەکەوێتە ڕوو؟ لە دەسەلات دور دەخرێنەوە؟
ئەز وەک مرۆڤێکی کورد و و وەک دوکتۆرێکی پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانیی کوردوستان کە هەم مەینەتی و ئێش و ئازارەکانی شەڕم چەشتووە و هەم خۆشیی ئاشتی و ئاسایش و دڵنیایی ژیانی ئەوروپا ڕۆژانە دەچێژم فێری ئەوە بووم ئاشتیخوازی و ناتوندوتیژی بکەمە پرینسیپی ژیانم ، بەلام ئەوەی تورکیا دەیەوێت لەگەڵ نەتەوەی کورد بیکات وەک ئەوەیە بۆرەپیاوێک بیەوێت بە زۆری چەک دەسدرێژی جنسی بکاتە سەر دراوسێ کەی وپاشان بیشیکوژێ و ئەم تاوانانەشی بە هەقی شەرعیی خۆی دابنێت!! نیلسۆن ماندێلای ڕەشپێست ـ کە دوای 27 ساڵ زیندانی بە سەرۆک کۆماری باشوری

ئەفریقا هەڵبژێردرا و دواتر لەسەر کێشەی کورد خەلاتی ئاشتیی ئەتا تورکی ڕەتکردەوە و ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی تورکی گرت ـ دەڵێت :( توانای شەڕ و بەرگریکردن لە ناو جەرگەی خودی شەڕ و بەرگریکرندا گەشەدەکات و دروستدەبێت). کورد دەڵێت (مشت لە درەوشە یا لە چەقۆ دەگە ڕێتەوە) ، منیش دەڵێم چەقۆش لە مشت سڵدەکاتەوە و ئەگەر مشتی لێ ڕاست نەکەیتەوە دڵنیابە هەر سەرت دەبڕێ ، بەلام ئەگەر مشتی لێ ڕاست بکەیتەوە هیچ نەبێت دەرفەت و ئەگەری ئەوەت هەیە بە شەڕ و لە شەڕ دا بە ساغی یا بریندارى خۆت دەربازبکەیت و خۆت لە دەسدرێژی و ئیهانە و سەربڕین ڕزگاربکەیت یان مردنێکی سەربەرزانە و شەرافەتمەندانە بمریت ، کە هەردەمریت! هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردوستان وخەڵکە شەڕ وستەمدیدەکەی هەرگیز تووشی مەینەتیی شەڕ لەگەڵ هیچ لایەکدا نەبن و ( پ ک ک )یش نەرم و نیان و ژیرانە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردوستان بکات و ئەگەر پێویستیکرد چاوپۆشی لە سود و بەرژەوەندییە حیزبی و کاتیە کانی خۆی بکات ، چونکە لاوازبوون و تێکچونی ئەم حکومەتە کارەساتێکی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە و زیانی مەزن بەوانیش دەگەیەنێت.

20.10.2007